# زیندانیکردنی دکتۆرکەمال ، شکاندنی پێنوسە ئازادەکانە



حاجی ئەنوەر
٢٠٠٥/١٢/٢٣

پاش ٥٧ رۆژ لە بێسەروشوێنکردنی دکتۆر کەمال سەید قادر ، سەرئەنجام بە ٣٠ ساڵ لەلایەن دادگای تایبەتی دەستەڵاتدارێتی باکوری باشوری کوردستاندا حوکمدرا . ئەوەی کەئاشکراترین خاڵی ئەم روداوەن ئەو بێحورمەتی و گاڵتەجاڕیەیە کە بەیاسا کرا لە کاتێکدا رۆژانە دەهۆڵی سەروەری یاسا لەلایەن دەهۆڵ ژەنانەوە لێدەدرێت . تاوانێک کەخرابوە پاڵ دکتۆر کەمال! سوکایەتی بەسەران وبنەماڵەی بارزانی بوو ، حوکمدانی دکتۆر کە نوسەرێکی سەرشوناسی ئەمرۆی گۆرەپانی سیاسی کوردستانە چەند راستیەک دووپات دەکاتەوە :-

١ - شتێک بەناوی سەرەتاکانی دیموکراسی لە کوردستاندا بوونی نیە . ئازادی نوسین ورادەربرین یەکێکە لە سەرەتایی ترین بنچینەکانی دیموکراسی . رۆژانە لەو وولاتانەی سەرانی سیاسی حیزبە کوردیەکان کەپاسپۆرتی ئەوووڵاتانەیان هەیە بەبەردەوامی رەخنەی توندوتیژ لە دەستەڵات دەگیرێت و زۆربەی جاریش بە شێوەی کاریکاتۆر، نەکە تەنها رەخنە بەڵکو دەکرێنە گاڵتەجاڕ لە چەشنی کردنیان بە جانەوەری جۆراوجۆر و فلیمی سێکسیان لەسەر دەردەکرێت . بەڵام نەک کەس حوکم نادەن ، بەڵکوناچار دەبن بەهەڵە و تاوانەکانی خۆیاندا بچنەوە

٢ - یاسا جگە لە مرەکەبی ووشک بووەوەی سەرلاپەرە زەرد هەڵگەراوەکان ، زیاتر شتێکی دی نیە ، کە وەک داوی جاڵجاڵۆکە ، بەهێزەکان دەیپسێنن و لاوازەکانی پێوە دەبێت . هەربۆیە  کەسانێک کە خۆیان بەیاساناس لەقەڵەم دەدەن وبەووەفاو خاوەن شەهامەتن بەرامبەرئەوسوێندەی کە خواردوویانە ، بەرائەتی خۆیان لەویاسای داوی جاڵجاڵۆکەیە بدەن تا نەبنە مەسخەری مێژوو .

٣ - دادگا جگە لە مۆڵگەیەکی مافیاو پارێزەرانی زوڵم وزۆرداری زیاتر شتێکی دی نیە ، بۆیە پێویستە لەسەر ئەوکەسانەی کە دادگا بە ماڵی دادپەروەری دەزانن ، لێی بێنەدەرەوە و تف و نەعلەت بارانی کەن ، یان هەڵوێست وەربگرن بەرامبەر ئەو سوکایەتیەی کە بەدادگا دەکرێت .

٤ - نیشتمان ، ئەو زیندانە گەورەیەیە  کە قامچی بەدەستەکان ، چوار دەوری سنورەکانیان گرتوە و چاوبزەکانیش سەرسیلەی کۆڵان و شەقامەکان .

٥ - شەهید ، ئەومرۆڤانەی کە بەئێسک وپروسکیان کۆشک وتەلار بنیاد نرا . ئەو خۆبەخشە ، سادە ودڵ پرلە هیوایانە بوون کە خوێنیان هەرزان فرۆش کرا .

٦ -  هونەر ، ئەو ئاوازە دەنگ ورەنگیانەن کەشەوانی کێرچڵیسەکان پرجۆش و ئالۆش  دەکەن . رۆژانەش سادەو ساویلکەکان لە خشتە دەبەن .

ئەگەر بەهانەی دەستەڵاتداری پارتی ئەوەیە کە سوکایەتیان پێکراوە هەروەک وەزیری بەناو مافی مرۆڤەکەیان دووپاتی کردەوە ، ئەورەخنانەی هەتا بابڵێن ئەو جنێوانەی کە دکتۆر کەمال نوسیویەتی ، زۆر لە تنۆکێ ئاوی ناوئۆکیانوسێک لە سوکایەتی و خیانەت ە جنێوانەی ئەو چەند ساڵەی هەردوو دەستەڵاتی خۆسەپێنەری کوردستان کردویانە کەمترە .

ئاشکراترین سوکایەتی کە بە خودی سەرانی دەستەڵات لەهەمووچرکەیەکی ژیانیاندا دەکرێت تەراتێنی خۆفرۆشان وبکوژانی پێشمەرگەو ئەندام و دۆستانی حیزبەکانن کە بەبەردەوامی بەبەر چاویانەوە دێن و دەچن بەڵام نەک لێپرسینەوەیان لەگەڵ ناکرێت بەڵکو پشتگیریشان لێدەکرێت . سوکایەتیەک و ئیهانەیەک بە یاساو یاساناسان دەکرێت و ناچاریان کردوون کەخۆیان لەئاستی ئەو هەموو شکاتانەدا ، کەرۆلاڵ و کوێرکردوە ، کەلەچەند ساڵی رابووردودا لە شارەکانی کوردستاندا شانۆگەری لێپرسینەوەیان لە تاوانباران و ئەنفالچیان کرد .

ئایا ئەگەر سوکایەتی کارێکی نایاساییە ، بۆ ئەوکەس ولایەنانە ڕاپێچی دادگا ناکرێن کە لەکاتی شەڕی کورد کوشتندا لەدەسگاکانی ڕاگەیاندنەوە سەدان تومەتی ڕەوشتی زۆر قێوەزن دەخرایە پاڵ یەکتری ؟.

ئەگەر مرۆڤ کوشتن تاوانە ئەی بۆ دادگا ، لێپرسینەوە لەگەڵ بکوژان و سەبەب کارانی کوژرانی زیاتر لە٥٠٠٠ هەزار رۆڵەی کورد لە جەولەکانیشەڕی آم الگمارک دا ناکا ؟ .

ئەگەر دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا تاوانی گەورەیە ( الخیانە العظما) یە !!!! دەبێت پێش هەرکەس ولایەنێکی دی سەرانی پارتی ویەکێتی دادگای بکرێن . بۆ تائێستاش هیچ باسێک لەسەر ئەم تاوانە نیە ؟ .

ئەگەر تیرۆرو تیرۆرستان ، ڕەشن ، پیسن ، شەمشەمەکوێرەی خۆری ئازادین ، بۆ تائێستا لـێکۆڵینـەو هۆی تیرۆری سەدان کەسی سیاسی وکۆمەڵایەتی ئاشکرانەکراوە ؟ .

ئەگەر ڕاوڕوت و تاڵان کردنی ووڵات ، برینی نانی سەر سفرەی گەل تاوان بێت ، بۆ تائێستاش تەنها پرسیارێک لە بازرگانانی شەڕ نەکراوە ؟ .

ئەگەر ڕەشەکوژی ژنان تاوانێکە بەدژی مرۆڤ بۆ بکوژان بەبەرچاوی یاساوە تەراتێنیانەو وەک نەبایان دیـبـێت و نەبۆران .

ئەگەر سیخوڕی بۆ دوژمن تاوان بێت ، بۆ تائێستا سیخورێک نەک لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکراوە بەڵکو دەستەڵاتی زیاتریش پێدراوە . کەواتە زینداکردنی دکتۆر کەمال دوا زەنگە بۆ هەموو ئەوکەس و لایەنانەی کە بەدوای گۆڕانکاری و بەرقەرار بوونی ئازادیەوەن ، زەنگی لێکترازانی یەکجارەکی دەستەڵات وگەلە ( حاکم و محکوم ) ، زەنگێکە بەخەیاڵی خاویان لێرەبەدواوە نەخوێندکاران نە نەموچەخۆران نە شۆفێران نە خەڵکی کەلارو ڕانیەو بادینان نە سەربەخۆخوازان نە داخوازی لەناوبردنی گەندەڵی نە داواکاری پێویستیەکانی ژیان ئەمانە قەدەغەکراواکانن . ئەمە کۆتایی دوا هەوڵی خۆشاردنەوەی دیکتاتۆریەتە لە ژێر پەردەی دیموکراتیەتدا . خەڵکی کوردستانیش بێدەنگ نابێن لەبەرامبەر زوڵم و زۆری زۆرداران و بازرگانان بەچارەنوسی ئەم گەلەوە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی شارەکانی کوردستان خۆئامادەکردن و کەڵەکە بوونی ئەزمونە وەک چۆن لە بەهاری ١٩٩١ دا بە قەوڵی سەرۆکی پارتی ( فان الانتفاضه کانت بمبادره من الشعب نفسه . نحن لم نتوقعها ) دیڤید ماکدول A.F.P وکاله الصحافه الفرنسیه .